ڕێورەسمێک بۆ ڕێزگرتن لە حەمەڕەش رەشۆ

سەعات 3 تا 4:30 دەقیقەی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 28ی ژانویەی 2006، لە چوارەمین سالڕۆژی کۆچی دووایی خەباتگێڕی کورد حەمەڕەش رەشۆ سکرتێری پێشوی پارتیا دیمۆکراتا کوردستان-باکوور، لە شاری arnhem ی هولەند ڕێورەسمێک بەڕێوە چوو. سەرەتای ڕێورەسمەکە بە دەقیقەیەک راوەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.

لە ڕێورەسمەکەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتییەکانی کورد و حیزب و لایەنەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان بەشدار بوون.

شاندێکی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز ئەفشار ئەقدەسی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بەشداریی لە ریورەسمی 4 هەمین سالۆەگەڕی کۆچی دووایی خەباتگێڕی کورد حەمەڕەش رەشۆ کرد و پەیامێکی هاوخەمیی پێشەکەش بە ئامادەبووانی ڕێورەسمەکە کرد.

ڕێورەسمی ڕێزگرتن لەو خەباگێڕە نەمرە، دەرفەتێکی لەبار بوو بۆ چاوپێکەوتنی شاندی RUK لەگەڵ کەسایەتی و حیزب و لایەنانە و بەتایبەت پارت و ڕێکخراوەکانی باکووری کوردستان و ئالۆگۆڕکردنی بیروڕا و پێداگرتنەوە لەسەر پتەوکردنی پێوەندیی برایانەی نێوانیان.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
11/ڕێبەندانی/2705
31/ژانویەی/2006